

سیروان حه نیفی
sirwan_e@yahoo.se

# کامه ڕوبار بکه ینه به رگی یه که می نامه کانمان

زه مه نێک به ندی کردوم
زه مه نێک خه زانی پێ ده ڵێن
خه زانی ڕۆح
خه زانی دڵ
خه زانی عه شق
ڕێگائیێک بۆ له م فه نا بونه
بیلبیله کانی ڕۆحی گرتوم و
به پلیکانه کانی خه یاڵێک بۆ ئازاد بون
سه رم ده خات
ڕۆژگارێک ده ستم ئه برد تاکو ئه ستێره یێک بگرم
بانه ماڵی هیچ دڵدارێک به خۆیه وه نه دیبێت
چاوه کانم هه ڵ ئه بڕ ی
چاو بازی له گه ڵ فریشته یێکی باخی به هه شت بکه م
حه زی په نجه کانم
به مه مکه کانی په ریزادی ده ریا ئه شکاند
سێبه رم شه وانه ش له ژێر گڵۆپه کان
باوه ش باوه ش ماچی ئه دزی و
ئه ی هێناوه ئه شکه وته سارده که م

زه مه نێک به ندی کردوم
زه مه نی فڕین له په پوله کان

له خه ونه کان
له دارستانه کان
له " تۆ " ه کان
ئه بێ ئێمه له کامه ئه ستێره ی بێ خۆدادا ڕه شماڵێک هه ڵبده ین
بۆ گه ڕانه وه مان
هاتنه وه بۆ سه ره تای پێش له مردن
سه ره تای پێش له خه زان
پێش له فڕین

پێیان وتم ئازادی تۆ له باوه شی به ره هوتێک دا نوستوه
هیچ گوڵێکت لێ یاخی نابێت و
هیچ عه شقێکت لێ ته وه لا
برۆ ماچه کانت ببه خشه به شه پۆلێک قه د نه گاته که نار
که ناری ئاوا بون
که ناری نامۆ بون
له هێلانه ی ڕه ش مارێکدا ڕایه ڵ ڕاخه و
بێ ترس خه ون به ئازاد بونه وه ببینه
ئه مه کامه زه مه نی بێ هه وساره
که سه رمه ست به نێو بێ کۆتاییه کان چوار سمکۆڵان داویه ته غار و
لا له سێبه ری ماندوی خۆیشی و
بیر له سوار بونی هه ناسه کانی ناکاته وه
ڕۆ ژگارێکی سه یره
ئێمه ش ئاده میزادێکی سه یرین
ئه وه ی باڵمان ئه دات
وه ک نه وڕه سێک کۆچه ریمان ئه کات
عه شقه
ئه وه ی په ڕه کانمان ئه سوتێنێ و
بێ په ل و پۆ له سوچێک تفمان ئه کاته وه
دیسانه وه عه شقه
......
ئاخۆ ئێمه به چ سازێک گۆرانی بڵێین
له سه ر سینگی کامه ئاسمان شێعر داڕێژین و
کامه ڕوبار بکه ین به به رگی یه که می نامه کانمان
تاکو زه مه ن به ندمان نه کاو

پە نجە رە مان لیٚ دانە خات
ئێمە ی ئینسانی بیٚ پە نا
لاقە کانی کامە کاتژمێر ماچ بکە ین
هە تا تاڵە تاڵە قژمان پیٚ سپی نە کات و
لە و بە ر کێوی دابڕاندا
بە پیربونمان
بە شێت بونمان
بە مردنمان پیٚ نە کە نێت
خۆ عە شق خە یانە تی بە خۆداو
بە زە مە ن نە کرد
بۆ پێم ناڵێن بۆچی بە ندمان دە کات
بۆ
بە ندم
دە کات

2006.10.26